دڵشاد عەلی (مامۆستای زانکۆی سلێمانی) بۆ گوڵان:

# پێویستە زمانی رۆشنبیر زمانێکی جوان و نەرمونیان بێت دوور لە هەڵچوون و کۆنەقین




ئێمەی رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان بیرمان لەوەکردووەوە ئەو کەشەی ئەمڕۆی بواری رۆشنبیری و رووناکبیری و راگەیاندنی کوردی تووشی گرفتێکی ناخۆش بووە، کە ئەویش زمانی زبر و هێرشکردن و رقی بنزسەرانە بەرامبەر یەکتر لەناو خۆیاندا.

زۆر جار هەست دەکەی لەو کەشەدا رێزی خوێنەر ناگیرێت، بەو زمانە زبرە بەو زمانە رەقە خوێنەر خراوەتە لاوە، جۆرە رۆشنبیریەکی توندوتیژ بڵاو دەکەینەوە بە دەستی خۆمان لەناو خۆماندا، کە لە راستیدا نامۆیە بە مێژووی رووناکبیری کوردیمان. ئێمە هەوڵماندا، هەوڵەکەمان، ئامانجەکەمان لەوەدایە هەموو کات چەند رەخنەمان هەبێت و چەند رقمان هەبێت و ئازادانە بنووسین، هێشتا هەر کەمە، بەڵام رەخنەگرتن و بە ئازادی رادەربڕین و نووسین پێویستی بە زمانێکی نەرم و نیان هەیە، ئەو بوارانەی کە ئێمە رەخنەیان لێیدەگرین، دیارە بەو زمانە زبرە چارەسەر ناکرێت، بە پێچەوانەوە دەشێ دیاردە خراپەکان هەر وەکو خۆیان بمێنێتەوە ئەو ئەنجامەی کە لێیدەکەوێتەوە تەنیا ئاڵۆز بوونی رەوشی رووناکبیری و رۆشنبیری و راگەیاندنی کوردییە نەک چارەسەرکردنی کێشە وگرفتەکان، بە تەئکید هەموومان لەوە یەکدی دەگرینەوە کە ئێمە دەبێ گۆڕانکاری بکەین، بەڵام گۆڕانکاری بە زمانی رەق و زبر نابێت و پێویستیش ناکات،

ئەو دانیشتنە یا خود ئەو سیمینارە بۆ ئەوە بوو کە ژمارەیەکی باش لە رۆشنبیران و رووناکبیران و رۆژنامەنووسانی گۆڤار و رۆژنامەکان ئامادە بوون و هەموویان راوبۆچوونیان وەکو ئێمە بوو، تەنانەت ئەوەشی لێکەوتەوە کە ئێمە بەردەوامبین لە کارکردنمان بۆ نەهێشتنی ئەو کەشە و ئەو گیروگرفتە بە گەورەکردنی لیژنەکە و دانیشتنی دیکە ،کە لە ماوەی مانگێک یاخود ماوەی دوو مانگی داهاتووە کار بۆ ئەوە بکەین.

پێش هەموو شتێ ئێمە نەک هەر نامانەوێت وەکو هەندێ برادەر وا تەماشا بکەین کە دەرگا لەسەر ئازادی دادەخرێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئێمە دەمانەوێت دەرگای ئازادی زیاتر بکرێتەوە و زیاتر فراوان بکرێت، ئەمەیان هەنگاوی یەکەمە لە پاڵ کردنەوەی ئەو دەرگای ئازادییە لەبەردەم هەموو نووسەران و رۆشنبیران و رۆژنامەنووساندا و، پێویستی بەوەیە هەموو کاتێک بە زمانێکی جوان و نەرم و شایستە و گونجاو یەکتر بدووێنین، نەک بە زمانێکی رەق و زبر کە رەوشەکە ئاڵۆزتر دەکات.

*** بە بۆچوونی تۆ ئێمە چۆن دەتوانین سنوورێک بۆ دیاردەی تەوهین و شەڕەجنێو دابنێین؟ بەتایبەتی ئەمڕۆ هەندێک لە نووسەران کە قەڵەمەکانیان بە نووسینێکی ژەهراوی و هەستێکی ئاشوبگێڕانە بەکار دەهێنن، کە ئەمەش کار دەکاتە سەر رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەمان و بیرکردنەوەی خەڵک و زیانگەیاندن بەرەوتی رەخنەسازیی، سەرنجی بەڕێزتان لەمبارەیەوە چییە؟**

– یاسای رۆژنامەنووسان بۆ خۆی متمانەیە، لە دانیشتنەکەشدا زۆر تەئکید لەوە کرایەوە و، لەلایەکی دیکە بە نزیک بوونەوەمان لە یەکتری بۆ ئەوەی لە یەکتر بگەین و ئەو بوارانە لەبەردەمی یەکتر بکەینەوە کە دەمانگەیێنێتە یەکتر نەک دوورمان دەخاتەوە، واتە درووستکردنی کەشێکی وابێت کە کەسمان بە نیازی لەیەکتری دان روونەکەینە یەکتر، رەخنەگرتن پرۆسەیەکی ئاساییە، پێویستە رەخنە لەبیر و نووسین و بابەتی یەکتر بگرین، بەڵام ئەو رەخنەیە بەنیازی تەشهیر نەبێت و بەمەبەستی شکاندنی یەکتر نەبێت و کۆنە رقی لە پشتەوە لەگەڵدا نەبێت، ئەو کات رەخنە ئاساییە و دەبێ کۆمەڵە ئالیەتێکی وەکو ئەتەکێتی نووسین بدۆزینەوە، ئەو ئالیەتانەی کە هەر لە نووسیندا بەدەستی بێنین، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی هەر هەموومان دەمانەوێت کە زمانمان زمانێکی رۆشنبیر و جوان و نەرم و نیان و بەرز و پاک بێت و دوور لە زمانی رق و زبر و هەڵچوون و کۆنەقین.